# سارا رفێنراوە، زەوتكراوە، بە بلۆك كوژراوەو سوتێنراوە!

ئیمرۆ، لە شەقام و گەڕەكەكاندا، بە عەرەبی و كوردی، ئەم بانگەوازە، بڵاوكرایەوە:

**هاوڵاتی خۆشەویست**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی هەفتەیەك لەسەر ئەو تاوانە دڕندانەیە كە منداڵی بێتاوان(سارا جەعفەر)بوو بە قوربانی و لە پێناوی ئەوەی:

- منداڵێكی تر نەكوژرێت
- سووككردنی توندی ترسی منداڵان كە دەرئەنجامی ئەو تاوانەیە و قەناعەتیان پێ بهێنین كە هێزی چاكە و خۆشەویستی مەزنترە لە دوژمنانی مرۆڤ و ژیان،

تكا لە خۆتان و منداڵەكانتان دەكەین لە(**رۆژی پێنجشەمە، رێككەوتی2007/8/9، لە كاتژمێری 6**)لەو شوێنە كە خۆشەویستە كۆچكردووەكەمان لە گەڵ برادەرەكانی لە گەڕەكی كەڵات، لەسەر رێگای خدر زیندە، یاری دەكرد. (**قەڵەمی رەنگاوڕەنگ و وەرەقەیەك بۆ وێنەكێشان لەگەڵ خۆتان بهێنن)**

**پێكەوە لە دژی كوشتن و چەوسانەوەی منداڵان**

**لیژنەی كارە جەماوەرییەكان/ مەحەلی حیزبی شیوعی كوردستان**

2008/8/8

لەكاتی ئەم ئەكتسیونانە و لەسەر قەبران، بۆم دەركەوت كە كچە شرینە بێتاوانەكەمان(سارا) تەنها بەشێوەیەكی دڕندانە نەكوژراوە، بەڵكو یەكەمجار لە شوێنی تاوانەكە زەوتیشكراوە. هیچ كەس باسی ئەم لایەنەی نەكرد، بەڵام هاوڵاتی(فوئاد شەوكەت) كە دانیشتوی ئەركەوازییە، وتی: (**كاتێ گەیشتمە شوێنی تاوانەكە، پۆلیسەكان خەریك بوون هەڵیبگرن، بەچاوی خۆم بینیم، هیچی لەبەر نییە و جلوبەرگەكەی بەو ناوە پەخش كردووە، بە بلۆك كێشاویانەتە سەری و دەموچاویان سوتاندووە. من وتم خوا نییە، تا حەقی ئەم منداڵە وەردەگرێ...**-).

كاتێ گوێم لەم تاوانە بوو، بڕوام نەكرد ئەو كچە هێمن، نازدارو بەڕێزو خۆشەویستە، بەو شێوە دڕندانەیە كۆتایی بە ژیانی بهێنرێت. سارا ئامێزی بۆ ژیان كردبووەوە، نەك بۆ ئەوەی لە سەرەتای تەمەنی، بەو شێوەیە، ژیانی لێ زەوت بكرێ و كچ و كوڕە برادەرەكانی بەو زووە پرسەبار بكرێن و لە ترسدا بژین.

ئاخر ئەوە چ مەرگێك بوو...من ئێستا زیاتر و قووڵتر پرسیار دەكەم: ئیدی ژیان چ مانایەكی هەیە؟ ئەمە چ جیهان و سەردەمێكی دڵڕەق، ناشرین و بێویژدانە؟ شرینەكەم كە گوێم لە رووداوەكە بوو، یەكسەر بۆ ماڵەوەتان هاتم و دەمویست گوێم لە یەك شت بێت، یەكێك پێم بڵێت هەواڵەكە درۆیە...، بەڵام پەلەپەرتكی و حەپەساندن و چاوی پڕ ترسی(ئیرڤان)ی هاورێت، دایرِوخاندم، هەر بۆیە نەمتوانی هیچ بڵێم و كاتێ ویستم ئەم هەواڵە جەرگ بڕە بە جیهان بگەیەنم، نەمتوانی وەك هەواڵێكی ئاسایی دایرێژم. (پەروین)ی هاورێی وتی: شەوان خەوم لێ ناكەوێ....من و سارا لە پشت دەرگای ماڵمان پێكەوە یاری بوكەشووشەكان دەكرد، ئێستا هەر بیرم لای سارایە.

كچێكی ناسیاوم وتی: دوو خوشكم هەیە و یەكێكیان تەمەنی 22ساڵە و ئەوی تر 16ساڵ، هەر كە تاریك دەبێ، لە ترساندا ناوێرن بچنە ناو حەوشەی ماڵەوە. كچێكی تر بەناوی(د)، وتی: كاتێ دایكم ویستی سەردانی ناسیاوێكی بكات لە نەخۆشخانە، بە خوشك و

براکانمی وت: هەستن، ئێوەش لەگەڵمان وەرن، من ئێوە بەتەنیا لە ماڵەوە بەجێ ناهێڵم. کچێکی تەمەن19ساڵ بەناوی(م) کە لە نزیك شوێنی کارەساتەکە دەژێ، وتی: ئیمشەو لە ترساندا لە باوەشی دایکم خەوتم.

کێ بایەخ بە بارودۆخی دەروونی ئەو بەرێزانە دەدا؟ بۆچی بەرپرسانی شار، شانبەشانی پۆلیس و ئاسایش کۆمیسیونێکی تایبەت کە پێکهاتبێ لە(لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی، د. دەرونی، پسپۆرێکی پەروەردە، ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی و پارێزەرێك) بۆ ئەم تاوانە درووست نەکردووە؟ بۆچی ژمارەیەکی تەلەفۆن بۆ زانیاری وەرگرتن و ئاگاداری و رێنمایەکردنی دانیشتوان و بیرورا گۆرینێکی زیاتر لەبارەی تاوانەکە و ئەوانەی لە ژێر کاریگەریەکەیدان دانەمەزراندووە؟

لە ئەڵمانیا هەموو رۆژێ هەواڵی زەوتکردن و کوشتنی ژن و کچ و منداڵان لە رۆژنامەکان دەخوێندن و ئێستا لە کوردستانم بەهەمان شێوە ئەم جۆرە هەواڵانە لە رۆژنامەکان دەخوێنمەوە. ئەمە وای لێ کردم پێشی چەندین ساڵ وتارێك بنووسم بەناوی(لێرە بێت یان لەوێ، باوکسالاری زەوتکرد و کوشتن ژنانی لێ دەبێتەوە)؛ ئەو سێکسیزمە کە لە کوردستان باڵادەستە رێك وەك ئەو سێکسیزمەیە کە لە وەڵاتانی ئۆروپا باڵادەستە، بەڵام لەگەل یەك جیاوازی: لەوێ بە ئاشکرایی ئەنجامدەدرێ و لێرە بە نهێنی رادەگیرێ و تاوانکارییەکانیش بەهەمان شێوە. سێکسیزم بەرهەم و مارکەیەکی نزم وقیزەوەنی پیاوە خاوەن رەوشتە"بەرزەکانە".

ئەوەی جێگای نیگەرانی، نەفرەت و تورەییە، لە سەر قەبری(سارا)ی میهرەبان نووسراوە(ان وعد الله حق). ئاخر ئەوە چ خودایەکە بەو جۆرە وەحشیانە وەعد بە منداڵێکی بێتاوان بدا؟ ئەوە چ خوایەکە دەتوانێ چاوی بەو جۆرە تاوانە بێت؟ رێ دەدا ئەو درندایەتییە روویدا؟

مرۆڤ تاسەر ئێسقان گومان لەو جۆرە خوایە دەکەم و ئەگەر هەشبێت، خوایەکە تا سەر ئێسقان(منحط)، وەحشی و قیزەوەن؛ خوای باوکسالارەکانە. دەبوایە لەسەر کێڵەکەی نووسرابا: ئێرە گۆڕی کچ، دایك و خوشك و هاورێ و برادەری خۆشەویستمان(سارا)یە کە بە گیان و روح، بەهەست و خوێن، قوربانی و شایەتحاڵی بیرو نەریتی تاوانکاری باوکسالارییە.

ئایا بە مانەوەی دەسەڵاتی سەرمایە و بازاڕە ئازادەکەی و نەریتە کۆنەپەرەستەکان، ئەم جۆرە درندایەتییە لە دژی منداڵان و ژنان، کۆتایی دێ؟!

تۆ، هەر کێیەکەی هەی و لە کوێیەك دەژی، تکایە مۆمێك بۆ سارا داگیرسێنە، گوڵێك بۆ ناو رووبار یان دەریا هەڵدە یان سەردانی گۆڕی هەر قوربانییەکی درندایەتی باوکسالاری بکەن و بنوسن: وا منداڵێکی نازدار بەناوی سارا بە بەرگی خوێنینەوە بە کاروانە چەوساوەکەتان پەیوەست بوو....

**سەلام عەبدوڵا**

dwaroj@yahoo.de
07701929872
2007/8/9



مندالان لەناو بازاڕ بەياننامە بلاْودەكەنەوە



لەبەردەم دەرگای حیزبی شیوعی کوردستان




قوتابخانەی ئەرکەوازی




**ڕێکخراوە دیموکراتییەکان**




**یەکێتی ژنان**



**بلاوکردنی بەیاننامە لەبارەی سارا لە شەقامی مامۆستایان**



برادەر و هاوڕێ و ناسیاوی سارا سەردانی قەبرەکەی دەکەن.



لەناو شار



لەنزیک ماڵی سارا